ناوخۆی هەرێم راگەیەندراوێکی بە هاوڵاتیانێ کرد کە لە وڵاتانی تر گیریانخواردووە بەاوکردەوە



وەزارەتی ناوخۆی هەرێم داوای لەو هاوڵاتیانێ کرد کە لە وڵاتانی تر گیریانخواردووە، سەردانی نزیکترین نوسینگەی نەردە دیبلۆماسییەکانی تورکیا بکەن لەو وڵاتانەی کە تێدا گیریان خواردووە، راستەوخۆ ڤیزای ترانزێتی سە رژیان پێدەدرێت بە گەڕانەوە بە وڵاتی تورکیا، دواتر بە رێگەی ووشکانی بە هەرێمی کوردستان.

ناوخۆی حکومەتی هەرێم لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، ئەو هاوڵاتییانەی کە پێیوەندییان بە هەڵە گەرمەکانەوە کردووە یاخود فۆرمی ئۆنلاینی تایبەتیان پڕکردووەتەوە و ئەوانەش کە لە هەر وڵاتێکی دیکە گیریانخواردووە، پێویستە چەند خاڵێک جێبەجێبکەن بە وەرگرتنی ڤیزای وڵاتی تورکیا و گەڕانەوە بە هەرێمی کوردستان.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەو هاوڵاتییانەی دەیانەوێت سەردانی نزیکترین نووسینگەی نەردە دیبلۆماسییەکانی تورکیا (کۆنسوڵخانە یاخود باڵیۆزخانەی تورکیا) بکەن لەو وڵاتانەی کە تێدا گیرتان خواردووە، راستەوخۆ ڤیزای ترانزێتی (٣) ڕۆژتان پێدەدرێت بە گەڕانەوە بە وڵاتی تورکیا، دواتر بە

ڕێگای ووشکانی بۆ هەرێمی کوردستان.

ئەوەش خراوەتەوە، پەویستە ئەو بلیتەی کە پێی دەگەیەنرێتەوە وڵاتی تورکیا لە ڕێگەی یەکێک لە هەڵە ئاسمانییە تورکیەکان ببەدرێت و جیاوازی ناکات بۆ هەر فڕۆکەخانەیەکی وڵاتی تورکیا بێت.

وەزارەتەکە دەشێت هاوڵاتیان پەویستە لەم خاڵانە دەنیا ببنەوە:

- پەویستە تکتی گەیانەوە بۆ تورکیا لەسەر یەکێک لە هەڵە ئاسمانییەکانی تورکیا بێت.

- پەویستە هاونیشتمانی پێش سەردانیکردنی کۆنسووڵخانە، تکتی فڕۆکەکەی بیبێت.

- ئەو کەسانەی داوای ڤیزە دەکەن، نابێت ناویان لە لیستی قەدەغەکراوی تورکیا بێت یان پێشینەی نایاساییان لەو وڵاتە هەبێت.

- ئەوانەی هەڵگری پاسپۆرتی وڵاتێکی دیکەن، وەک دەمەنیکا، پەویستە پاسپۆرتە عێراقییەکەشیان پێبێت.

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکەیدا جەختیش دەکاتەوە، کە ئەو "کارئاسانییە کاتییە و تەنیا تاوەکو کردنەوەی ئاسمانی عێراق بەردەوام دەبێت."

لەبارەی ئەو هاووڵاتیانەی کە ئە ڕێکارە کەشکانیان چارەسەر ناکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنیایی دەدات و دەڵێت، "هەوڵەکانمان چەتر دەکەینەوە و تاوەکو هەر هاونیشتیمانییەک مابێت، ناوەستین و بەردەوام دەبین."

هەروەها ئاماژە بەوەشکراوە کە لە دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیل، تیمەکانی پشوازی ئامادەکراون بۆ پشوازیکردن لە هاونیشتمانتیان و پشکشکردنی هەموو کارئاسانییەک.